# مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، زمانزان و وەرگێڕ

**هۆشیار بەکر عەزیز**
**(کەرکووک)**

**(٢- ٢)**

### ڕۆژبەیانی و لێکۆڵینەوە لە کتێبی (ئەنجوومەنی ئەدیبان)

لە ساڵی ١٩٨٣ کۆڕی زانیاریی عێراق- دەستەی کورد - کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبان، دانراوی (ئەمین فەیضی بەگ)ی چاپ کرد، بەڵام پێش چاپکردنەکە، لیژنەی وێژە و کەلەپووری کوردی، کە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی یەکێک لە ئەندامانی بوو، توێژینەوەیەکی تێروتەسەلیان بۆ کتێبەکە کرد، بەپێی پێویست لەپەراوێزدا باسی جێگاکان و کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیرەکان کرا، هەروەها واتای وشە سەخت و نەبیستراوەکان لێک درانەوە، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، دەڵێ: ئەرکی قورسی ساغکردنەوەی وشە فارسی و تورکییەکان خرابووە سەر شانی من و شێخ حوسێن (٢٧). هەندێ لە نووسەران لە پەسنی بلیمەتیی (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی)دا بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕیوە، لەوانە د. مارف خەزنەدار، دەڵێ: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی نامەخانەیەکی گەورەیە، نووسەر بوو، بەهۆی مێژووی سلێمانی و شەرەفنامەوە بوو بە مێژوونووس، توانایی هەیە شتێکی تریش بێ، مامۆستامان تۆفیق وەهبی (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەیوت: پێوستە جەمیل بەندی لە ماڵی خۆیان بەند بکرێ، بەمە ڕۆژگاری بە لێکۆڵینەوە و نووسین دەباتە سەر (٢٨).

پاش چەند ساڵێک لە چاپکردنی کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبان، م. مەسعوود محەمەد وتارێکی تێروتەسەلی لە ژمارە (١٣١) گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا بەناوونیشانی (دەست بژارێک لە کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبان) بڵاوکردەوە، بە جۆرێ شیکردنەوە و شەنوکەوی تێدا کردووە کە بچووکترین هەڵەی چاپیشی خستووەتە ڕوو، ڕۆژبەیانی دەڵێ: ئەمڕۆ کە وتارەکەی مامۆستا مەسعوود بڵاودەبێتەوە هەندێ لە ئەندامان (٢٩) بە بەهەشت شاد بوون و هەندێکیان گەییونەتە ئەورووپا و هەندێ تووشی نەخۆشی و خانەنشینی و گۆشەگیری و کپی بوون، بۆ بێبەختی، من ماوم سوپەری تیری قەزا و هەدەفی چەوگانی ڕەخنە بم (٣٠)، بۆیە مامۆستا لەو مەیدانەدا بەتەنیا ماوەتەوە و تێبینی و ڕوونکردنەوەی خۆی نووسیوەتەوە،

لەسەر چەندان وشە و دەستەواژەی کوردی و عەرەبی و فارسی کە مەسعوود محەمەد لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێ کردوون، هەندێ لەو بۆچوونانە دەخەینە ڕوو:

١- مەسعوود محەمەد لەلاپەڕە (٣٦)ی ژمارە (١٣١)ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا لەسەر لاپەڕە (٨١)ی کتێبی (ئەنجوومەنی ئەدیبان)ی نووسیوە و دەڵێ: لەپەراوێزدا، دێڕی حەفتەم، وشەی (بیداء) دەکرێتە (بیدار) بە واتای (بەخەبەر، ئاگادار)، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ: نە لەدەقەکەدا و نە لەپەراوێزەکەشدا وشەی (بیداء) نەهاتووە، ڕەنگە لەجێی تر بەرچاوی کەوتبێ، لەئەنجوومەندا نووسراوە (حاڵەتی تەڵخە لە شەودا بێدار)، ئەم وشە ئەگەر فارسی بێ ئەکاتە ئاگاه- خەبەردار، ئەشێ کوردی- عەرەبی بێ، (بێ دار- بێ خانوو) ئەوی خانووی نەبێ، کرێچی بێ، یان دەوار نشین بە شەو کاری شرە، هەروا ئەشێ کوردیی ڕووت بێ (بێ دار)، واتە بێ دار و دەست (٣١).

٢ - مەسعوود محەمەد لەلاپەڕە (٥١)ی هەمان گۆڤاردا لەسەر لاپەڕە (٩٢)ی کتێبەکە، نووسیویە: (ڕحەندەی زیر)، دەبێ (ڕەهەندەی زێر) بێ، لە وەڵامی مەسعوود محەمەد دا، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ: لە دەقەکەدا (ڕەهەندەی زەید)ـە، واتا لەوڵات (ڕەهەنە) بوو، لە نیشتمان دەرکراو، وا دیارە مەسعوود محەمەد وشەی زید = زانین گا = نیشتمان)ی گۆرانی بە (زیر) بەرچاو کەوتووە (٣٢).

٣ – مەسعوود محەمەد لە لاپەڕە (٥٤)ی هەمان گۆڤاردا لەسەر لاپەڕە (١٢٥)ی کتێبەکە نووسیویە: وشەی (لاف) بە (ئیدی) لێکدراوەتەوە، من ئەم وشەیەم بەم واتایە نەبیستووە، ناشزانم (ئیدی) غەیری واتا مەشوورەکەی هەبێ. (لاف)یش بەواتای



مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

دەعیە و کەشوفش ڕۆیشتووە. وشەی (باقل) کە بە (وا دییارە) لێک دراوەتەوە، دەبوو بە (عەقڵ) شەرح بدرێتەوە کە هەر خۆیەتی بووەتە (باقڵ). لە وەڵامی مەلا مەسعوود محەمەدا، ڕۆژبەیانی دەڵێ: وشەکە (ئیدی) نییە، (ئیدعا) (ئیدیعا)یە و هەڵەی چاپ گۆڕیویە. لافوگەزاف، واتا خۆپەسەندی و هەڕوگوڕ، بەڵام دەعیە و کەشف و فش کە مامۆستا نووسیویە: دەکاتە (تکبر و غرور)، وشەی (باقڵ)یش کە ڕەنگە لە بنەڕەتا لە (بەعەقڵ)ـەوە هاتبێ وەکوو مامۆستا فەرموویەتی، بەڵام کوردەواری لەباتی (پێم وایە) بەکاری دێنێ (٣٣).

٤- مەسعوود محەمەد هەر لەلاپەڕە (٥٤) ی گۆڤارەکەدا لەسەر لاپەڕە (١٢٦)ی کتێبەکە نووسیویەتی و دەڵێ: دڵنیاش نیم لەمەدا وشەی (عنان)، ئایا (عینان) یان (عەنانە..؟! لە وەڵامدا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ: مەسعوود محەمەد دڵنیابە کە (عینانە نەوەک (عەنان)، لە (ئەحمەدی)دا نووسراوە: عینان

چییە؟ دەسەجڵەو. (عەنان)یش هەور و بەرزیی عاسمانە، خۆ عەنانی سەما هەمیشە لەسەر زارانە! (٣٤)

## ڕۆژبەیانی و سەرنجێکی سەرپێیی دیوانەکەی حاجی قادری کۆیی

ڕۆژبەیانی زیاتر وەک مێژوونووسێک ناسراوە، بەڵام لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنە و چاککردنەوەی هەڵەی زمانەوانی، دریغی نەکردووە و سەرنج و تێبینی خۆی خستووەتە ڕوو. لەبابەتێکدا بەناوونیشانی (سەرنجێکی سەرپێیی دیوانەکەی حاجی قادر و ڕەخنەکان)، هەندێ هەڵەی زمانەوانی دەستنیشان کردووە و ڕاستی کردوونەتەوە کە لە دیوانەکەی (حاجی قادری کۆیی)دا هاتووە کە سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان بۆ کردووە و مەسعوود محەمەد پێداچوونەوەی بۆ کردووە، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، دەڵێ: گەرچی لەمەوبەر بڕیارم دابوو لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان ڕەخنە دەربارەی نووسینی کەس بڵاونەکەمەوە و دڵی کەس نەشکێنم و ئەگەر پێویستیش بێ بیروباوەڕم دەربارەی نووسینێ دەربڕم ڕاستەوخۆ بۆ نووسەرەکەی بنێرم، بەڵام ئەم جارە لەبەر خاتری دڵی دۆستان خۆم پێ ڕانەگیراو ئەم تێچنەم بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لەهەڵبەستەکان ئامادەکرد (٣٥)، هەروەها دەڵێ: هەندێ وشە و نووسیار لە دیوانەکەی حاجی قادردا چەندان جار بەهەڵە دووپات بوونەتەوە، ئەمانە چەند نموونەیەکن: (دڵ بەر) کراوە بە (دولّبەر)، (میشک) کراوە بە (موشک)، (سپاس) کراوە بە (سوپاس)، (سپا) کراوە بە (سوپا)، (جیبرەئیل) کراوە (جوبرەئیل)، (ڕشتە) کراوە بە (ڕوشتە). مەلا جەمیل ڕوونکردنەوەی خۆی بۆ هەندێ لەو هەڵانە خستووەتە ڕوو، لەوانە: (دڵ) لە کوردی و فارسی و هەموو زمانە ئارياييەكاندا هەر دڵە، بەژێرێکی نهێنی (کەسرە موختەلسە)، (میشک)یش هەر بەم جۆرەیە تا لە عەرەبیدا بووە بە (میسک)، (جیبرەئیل) خۆ لە قورئانیشدا (جبریلە، لەبنەڕەتدا (گەبریل)ـە بۆچ بووەتە (جوبرەئیل)؟ (٣٦)، پاشان هاتووەتە سەر هەندێ هەڵەی تر، لەلاپەڕە (٣٣)ی دیوانی حاجی قادردا: قەڵبەز لەپەراوێزدا (تاڤگەی ئاو) نووسراوە، مەلا جەمیل، دەڵێ: قەڵبەز، یان (کەڵوەز) تاڤگە نییە، نیوچە لادڕ و ئەشکەوتێکە لەبن شاخدا ئاوی بەسەرا دێتە خوارەوە، مەرج نییە ئاوەکە بەتاو بێت، جارجارە خەڵق بۆ فێنکی پەنای دەبەنە ژێر. لە دیوانەکە (لە گورگەلوورو (٣٧) نووسراوە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە عەبدلڕەزاق بیمار نووسیویەتی (گورگەقاڵ) بەڵام قاڵەکە عەرەبی نییە. کوردەواری دەڵێن: (ڕاوی نا، بەڵام قاڵەی پێ نەکرد)، واتا تۆزی پێی نەشکان پێیدا نەگەیشت، بەڵام وشەی (دێتەوە) هەڵە نییە.. کە کردوویە بە (دێنەوە) مەبەست (عەکسی دەنگەکەیە) ئەویش تاکە، هەڵبەستەکە بەم جۆرە ڕاستە (لە گورگەقاڵ و حەپەی سەگ لە قارەقارِی بزن). لەپەراوێزی لاپەڕە (٦٣)ی دیوانەکە، نەخچیر: نێچیر، ئەمە هەڵەیە: نەخچیر بەفارسی ڕاووشکار کردنە، بەڵام لەکوردیدا نێچیر خودی ئەو گیانلەبەرەیە کە ڕاودەکرێ (٣٨). مەلا جەمیل لە سییەکانی سەدەی ڕابوردوودا لەکفری فەقێ دەبێ، ئاشنایەتی لەگەڵ کوڕێکی کۆیی پەیدا دەکا کە ناوی (ئەحمەد) بوو، لە ماڵی یەکێک لە مووچەخۆرەکان بوو، دیوانەکەی حاجی قادری لەبەر بوو، پێکەوە ئەوەندە شیعرەکانیان دەخوێندەوە هەمووی لەبەر کردبوو، بۆیە هەندێ پارچە شیعر کە بەهەڵە نووسراونەتەوە چاکی

کردووەتــەوە، لێکدانــەوەی بــۆ کــردووە و لەچــی جێگایــەک پێویستی کردبێت، ڕاوبۆچوونی خۆی لەســەر دەبڕیــوە، لەلاپــەڕەی (١٢٣)ی دیوانەکــە هاتــووە (ســەفەری زوڵفی مەکە حاجی شــەوت لێ دەگــەڕێ) (٣٩)، مــەلا جەمیــل، دەڵــێ: ســەفەری زوڵــف، واتــا چــی؟ عەبدولـڕەزاق بیماریــش خــۆی پێــوە مانــدوو کــردووە، ڕاســتییەکەی (ســەیری زوڵفی مەکە حاجی شــەوت لێ دەگەڕێ)، واتــە زوڵفــی ئەوەنــدە ڕەش و تــارە وەک شــەوەزەنگ وایــە، ئاخــر خەڵــک لەشــەوی تاریکدا (شــەوارە) دەکــەن و شــەویان لــێ دەگــۆڕێ (٤٠). لەلاپــەڕە (١٧٦)ی دیوانەکــەدا هاتــووە: (هــەر شــەو بــەدزی نەغمــە لەســەر ســیدرە دەکێشــم)، مــەلا جەمیــل، دەڵــێ: ســیدرە لەبنەڕەتــدا (صــدر)ی عەرەبــی بــووە، بــە نووســیاری کــوردی گۆڕیویانــە. حاجــی دەڵــێ: (لەســەر صــەدری)، واتــا (ســنگی یــار) نەغمەخوانــی ئەکــەم (٤١). مــەلا جەمیــل لەســەر شــیعرە فارســییەکانی دیوانەکــەش لێکۆڵینــەوەی کردووە، هەڵەکانی چاک کردوونەتــەوە، لەلاپــەڕە (٢٨٣)دا هاتــووە: (دل درکمنــد عشــق ( (پســی)) از جنــون فتــاد)، مامۆســتا جەمیــل، دەڵــێ: (پس) لێرەدا جێی نییە، ڕاستییەکەی (بسی) (بەسێ) یــە، واتــا زۆر جــار لەبــەر شــێتی خــۆی خســتووەتە داوی شــەیدایی (٤٢).

## ڕۆژبەیانی و فەرهەنگ

ڕەنگــە ســەرەتای دانانــی فەرهەنگــی کــوردی بــۆ فەرهەنگــی گراماتیــکا گارســۆنی بگەڕێتــەوە کــە فەرهەنگێکــی کــوردی- ئیتاڵییــە، لــە ســاڵی ١٧٧٧ لەڕۆمــا چــاپ کــراوە، هەروەهــا فەرهەنگــی کــوردی - عەرەبــی نــاوی (الهدیــة الحمیدیــة فــي اللغــة الکردیــة) لەلایــەن خالیــدی یووســف زیائەددیــن پاشــاوە لەســاڵی (١٧٩٤) دانــراوە و لــە ئەســتەنبوڵ چــاپ کــراوە (٤٣). دانانــی فەرهەنــگ پێویســتی بەزانیــاری فــرە و بەربــڵاو و لێکۆڵینــەوە و گــەڕان لــە ناوچــە جیــاوازەکان هەیــە، بەتایبەتــی لــە گونــدەکان بــۆ بەدەســت هێنانــی وشــە و دەســتەواژەی پــاراوی کــوردی. لــە ســەرەتای هەشــتاکانی ســەدەی ڕابــوردوو، لیژنــەی زمــان و لیژنــەی وێــژە و کەلەپــووری کوردی لەکۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد - پێــک هێنــرا، مــەلا جەمیــل یەکێــک بــوو لــە ئەندامەکانی، یەکێک لە ئەرکەکانی لیژنەی زمان درێژەدان بــوو بــە ئامادەکاری پێداویســتییەکانی تەواوکردنــی فەرهەنگــی یەکگرتــووی کــوردی، داوا لــە ڕۆشــنبیران کــرا هــاوکاری لیژنــەی زمــان بکــەن بەکۆکردنــەوە و ناردنــی وشــە و دەســتەواژەی زاراوەی ناوچــە جیاجیاکانــی کوردســتان (٤٤). مــەلا جەمیــل یارمەتــی گیــوی موکریانــی داوە بــۆ دانانــی فەرهەنگــی مەهابــاد بەناردنــی زاراوەی ناوچــەی کەرکــووک و گەرمیــان بــۆی، لــەم بارەیــەوە گیــوی موکریانــی، دەڵــێ: لــە شــاری کەرکــووک چەنــد کەســێکی وەک مــەلا جەمیــل ڕۆژبەیانی و مــەلا خورشــید و گەلێکی تــر زاراوەی ناوچــەی کەرکووکیــان بــۆ کۆکردمــەوە (٤٥). کاتــێ نووسینەکانی مــەلا جەمیــل دەخوێنمــەوە بارتەقای چەنــدان فەرهەنــگ بــە وشــە و دەســتەواژە ئاشــنا دەبــم، زۆر جــار لەبــەر خۆمــەوە نغــرۆی جیهانــە زانســتی و زانیارییــە ناوازەکانــی دەبــم، پێــم خۆشــە بــۆ هەتاهەتایــە ئــەو جیهانــە جــێ نەهێڵــم. لەمیانــەی هەڵســەنگاندن و ســەرنجدان و تاووتوکردنی وشــە و دەســتەواژەکانی فەرهەنگی ئەحمەدی کە شــێخ مارفی نۆدێی نووســیویەتی، مــەلا جەمیــل بیــر و بۆچوونــی خــۆی لەســەر مانــای چەنــدان وشــە دەربڕیــوە، چەنــد نموونەیــەک دەهێنمــەوە: لەبــارەی وشــەی چەســپانەوە، دەڵــێ: چەســپان وشــەیەکی زۆر کۆنــی کوردەوارییــە، تەنیــا لەفەرهەنگــی (بەهدینــان)ی کۆنــی

زەردەشتییەکاندا بۆ تیژ بەکارهاتووە، لە هەموو شێوەکانی فارسیدا (چەسپان) بۆ پێکەوە نووسان بەکارهاتووە (٤٦)، هەروەها دەڵێ: قسەکەی (تۆدێی)ی ڕاستە کە دەڵێ: (اکحل) بەعەرەبی واتا کەسێ بەسروشت برژانگ و پێڵووی هێندە ڕەش بێ وەک سورمەڕێژ کرابێ (٤٧). (زەرف): ئەوەی شتی تێدەکرێت وەک هەمبانە نەوەک ظەرفی کاغەز، یان ظەرفی قاپ و قاچاغ. (چەرەندە) بەرانبەر وشەی (سارح)ی عەرەبییە: واتە ئەو مەڕەی بۆ لەوەڕ دەڕوات و لەچاپەکەی (عصری)دا بەهەڵە کراوە بە (صارخ) (٤٨).

## ڕۆژبەیانی و وەرگێڕان

وەرگێڕان هۆکاری لێک تێگەیشتنی نێوان نەتەوەکانە، هەم زەوق و سەلیقە و هەم هونەرە، هەموو زمانزانێک ناتوانێت ببێتە وەرگێڕ، وەرگێڕی سەرکەوتوو ئەوەیە کە پاشخانێکی زانستی هەبێ لەو بوارەی کە لێی وەردەگێڕێ. مەلا جەمیل لە بواری وەرگێڕاندا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە، چونکە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی زۆر بەباشی زانیوە، سەرەڕای زمانی دایک. د. مارف خەزنەدار، دەڵێ: ئێوارەیەکیان دیوەخانەی نامەخانەی تۆفیق وەهبی گەلێ کەسی لێ بوو، جەمیلی ڕۆژبەیانی و بەکر دلێریش لەوێ بوون، دەزگای پەیام (٤٩) دەیویست سیپارەی (التحدي الأکبر) کە پێشتر بەزمانی عەرەبی بڵاوکرابووەوە، بیکات بەکوردی، بەکر دلێر تکای لە تۆفیق وەهبی دەکرد کە ناوی سیپارەکەی بۆ بکات بەکوردی، گەلێ قسە لەم بارەیەوە کرا، دانیشتوان هەموویان قسە و گفتوگۆ و پێشنیاریان کرد، بەڵام هیچ یەکێکیان بەدڵی تۆفیق وەهبی نەبوو، خۆیشی شتێکی وای بۆ نەدەهات کە لێی ڕازی بێ، تا جەمیلی ڕۆژبەیانی وەک تۆپێک بتەقێنی وتی: (التحدي الأکبر) بەکوردی دەبێتە (گەورەترین چوونە مەیدان)، تۆفیق وەهبی دەستخۆشی پێوت و سیپارەکەش لەدواییدا هەر بەو ناوەوە بەزمانی کوردی دەرچوو (٥٠). د. کەمال مەزهەر، دەڵێ: ئەو عەرەبییەی مەلا جەمیل و مەسعوود محەمەد دەیانزانی عەرەبەکانیش نەیاندەزانی (٥١)، چەندان وتار و توێژینەوەی بۆ زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی وەرگێڕاوە، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بەمێژوو و کەلەپووری کوردەوە هەبووبێ، مەبەستی ناساندنی واقیع و ڕاستییەکان بووە بەلایەنی بەرانبەر. مەلا جەمیل لەزینداندا کاری وەرگێڕانی کردووە، ئەوەش بەپشت بەستن بەدانایی خۆی و بێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی لەبەردەستدا بێت، زیندان بووەتە جێژوانی نووسەران و ئەدیبان و ئازادیخوازان، هەروەها بووەتە قوتابخانەی خۆڕاگری و داهێنان، ڕۆژبەیانی لەوێدا ئاشنایەتی لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی عێراقی پەیداکردووە، لەوانە عەبدولقادر جەمیل و محەمەد بەهجەت ئەلئەثەری و محەمەد سدیق شەنشەل و عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، کە هەندێکیان نووسەری خاوەن توانایی بوون، ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر بووە، ، لە کونجی زیندانیشدا قەڵەمە بەبرشتەکەی لەکاردا بووە، لە زیندانی (عیمارە) توانیویەتی شەرەفنامە لە زمانی فارسییەوە بگۆڕێتە سەر زمانی عەرەبی و مێژووی سلێمانی لە کوردییەوە بگۆڕێتە سەر زمانی عەرەبی.

لەم بارەیەوە دەڵێ: لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٢ لەگەڵ سەدان سیاسەتمەداری بیروڕا جیاواز و خەڵکی ناوچە جیاوازەکان خرانە زیندانی عیمارە، لە نێوانیاندا مامۆستا و ئەدیب و ڕۆشنبیران هەبوون، زیندانەکە بوو بە جێژوانێکی ئەدەبی

و ڕۆشنبیری، لەوێ مێژوونووس (عەبدولڕەزاق حەسەنی)م ناسی، ڕەخنەم لێ دەگرت لەسەر ئەو هەڵانەی کە لەسەر کورد نووسیبووی، چەندان هەڵەم بۆی چاک کردەوە، هەروەها لەگەڵ چەندان ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری عەرەب بەیەک گەیشتین، پێکەوە وتووێژمان دەربارەی شارستانی و مێژوو و ڕۆشنبیری کورد دەکرد، هەستم کرد کەلێنێکی گەورە لەنێوانیان و نێوان تێگەیشتنیان دەربارەی ڕاستیی ئەم گەلە و مێژووەکەی هەیە، بۆیە لۆمەی ڕۆشنبیرانی کوردم دەکرد لەسەر ئەو کەمتەرخەمییەی کە هەیانە لەسەر ناساندنی نەتەوەکەیان بەخەڵکانی تر، بەتایبەتی نزیکترین خەڵک لێیان کە برایانی عەرەبن، بۆیە لە زینداندا دەستم کرد بە گۆڕینی شەرەفنامە لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی عەرەبی و گۆڕینی (تاریخ السلیمانیة و انحائها) لەزمانی کوردییەوە بۆ زمانی عەرەبی (٥٢). ڕۆژبەیانی لەگەڵ وەرگێڕانی شەرەفنامەدا هەندێ هەڵەی مێژوویی و ژیاننامەی کەسایەتی و ناساندنی هەندێ شار و شارۆچکەی لە پەراوێزدا نووسیوەتەوە، هەروەها ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەر هەندێ بابەت نووسیوە، تەواوکردنی دەنگوباسی ئەو ئیمارەت و حکوومەتانەی کە شەرەفخان زانیاری دەربارەیان دەست نەکەوتووە، یان دوای مردنی شەرەفخان دەسەڵاتیان ماوەتەوە، یەکێ لەوانە حکوومەتی ئەردەڵانە، مەلا جەمیل، دەڵێت: هیچمان بۆ نەمایەوە کە پشت بە مێژووی ئەردەڵان ببەستین کە دانەرەکەی ئیسماعیل مەلا محەمەد حوسێن بوو بۆ تەواوکردنی مێژووی ئەردەڵان (٥٣)، ئەمانەی هەموو لە پەراوێزدا نووسیوەتەوە. شایانی باسە شەرەفنامە دوو جار چاپ کراوە، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٥٣ لەلایەن کۆڕی زانیاری عێراقەوە و دووەم چاپی لە ساڵی ٢٠٠١ لەلایەن دەزگای موکریانەوە لە هەولێر چاپ کراوە.

ڕۆژبەیانی هەر لە بواری وەرگێڕان بۆ زمانی عەرەبی کاری نەکردووە، بەڵکوو لە زمانی تورکی و فارسیشەوە چەندان شاکاری وەرگێڕانی هەیە، لەوانە کتێبی (الرسائل المقدسة) و (مذکرات مأمون بگ) لە زمانی تورکییەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی کە ئەمەی دواییان بەهاوبەشی لەگەڵ شوکور مستەفا وەری گێڕاوە، کتێبی (گاڵتەوگەپی مەلای مەزبوورە) و (چل وەزیر) لە زمانی تورکییەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی، هەروەها شیعری شاعیرانی تورک زمانشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. کتێبی (سراج السالکین)ی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، وتەکانی (شاهنشاهـ ئاریامهر)ی بەهاوبەشی لەگەڵ مفتی زادە لەزمانی فارسییەوە گۆڕیویانە بۆ سەر زمانی کوردی، ڕۆژبەیانی بەهۆی ئەو شارەزاییەی کە لەزمانی فارسیدا هەیبووە لەحەفتاکانی سەدەی بیستەم کراوە بە ئەندامی (کۆنگرەی تحقیقاتی ایرانشناسی) کە کەڵکیان زۆر لێوەرگرتووە بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی ئێران. د. یووسف سدیق زەنگنە، دەڵێ: لەکۆنگرەیەکدا کە لە زانکۆی تاران بەسترا، منیش لەگەڵیدا بەشداربووم و فەرموودەکانی بە فارسییەکی پاراو دوور لە وشەی عەرەبی بەشێوەیەک بوو کە زۆربەی بەشداربووان لەبەریدا هەستانە سەر پێ، بەتایبەت سەرۆک وەزیرانی ئەو سەردەمەی ئێران ئەمیر عەباس هوەیدا (٥٤).

## ڕۆژبەیانی و ئەدەب و شیعر

لەمیانەی نووسینەکانیدا، بەتایبەتی لەپەسنی ناوداراندا، شێوازێکی ئەدەبی بەکارهێناوە، لە فەنتازیای ڕازاندنەوەی وشە و دەستەواژە و شێواز و داڕشتنی ڕستەکان ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی هەبووە، بەو شێوازە ناوازەیەی زمان و ئەدەبی

کوردی دەوڵەمەندتر کردووە، لەچلەی ماتەمینی د. کامیل بەصیردا، پەخشانە شیعرێکی پێشکەش کرد بەناوونیشانی (تنۆکێ خوێنی گریان... دەبێتە گوڵاڵە سوورەی سەر گۆڕی کامیل بەصیری ئینسان)(٥٥)، یەکێکە لەو شێوازە نووسینانەی ڕۆژبەیانی.

مەلا جەمیل لەبواری شیعر هۆنینەوەشدا دەستێکی باڵای هەبووە، زۆربەی شیعرەکانی لە گۆڤارەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا (ڕووناکی، دەنگی گێتیی تازە، هەتاو، ڕۆژی نوێ) بڵاوکردووەتەوە، ئاسۆی شیعری فراوان بووە و شیعرەکانی گوزارشت لە پرسی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و وەسفی جوانی ئافرەت دەکات. لە شیعرێکدا بەناوی (سیاچارەم) باسی هاتنە دنیای خۆی و گلەیی لە ناهەمواری ژیانی و چۆنیەتی پەروەردەکردنی و وابەستەیی لەگەڵ دۆخی خراپی نەتەوەکەی دەکات، دەڵێ:

**لە تاریکی منداڵدانا وەڕز بووبووم لە تەنگایی**

**پەل و پۆم بوو، کە ساتێ زوو بکەومە دەشتی ڕۆشنایی**

**فریشک بگرم بەشیری دایک و گوێ بگرم لە لای لایی**

**بەگامۆڵکە (٥٦) نەڕۆم هەستم بکەومە گەشتاو سەرپایی**

**کە ئێستا قونەخوشکێمە، شل و دەغەزارم**

**چیە تاوانەکەم بێجگە لەوەی کوردم سیا چارم**

**کە گۆشی کردووم دایکم بە دڵسۆزی و بە ساوایی**

**لەناو گافارەدا (٥٧) تانووتی لێداوم بە واتایی**

**وەکوو منداڵی خەڵک هەڵچوو، بەهۆش و ژیر و بینایی**

**مەژی ڕوو زەرد و چڵکن، مەبە پیس و سپێیاوی (٥٨)**

..............................

**پەراوێزەکان:**

٢٧- پەراوێزێ لە وتاری دەست بژارێک لە کتێبی...، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

٢٨- دوکتۆر مارف خەزنەدار هەگبەی کاروانی غەریبایەتی بۆ بەیان ئەکاتەوە، حەمە سەعید حەمە کەریم، گۆڤاری بەیان، ژمارە١٣٦، ١٩٨٧، ل٩٦.

٢٩- مەبەست ئەندامانی لیژنەی وێژە و کەلەپوورە لە کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد ـ لەم بەڕێزانە پێکهاتبوون: کامیل بەصیر، محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، د. ئیحسان فوئاد، شێخ حوسێن خانەقا، جەمال بابان، د. بەدرخان سندی، عەبدوڵلەتیف عەبدلمەجید گلی، عەبدلستار محەمەد مەحموود.

٣٠- پەراوێزێ لە وتاری دەست بژارێک لە کتێبی...، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

٣١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

٣٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

٣٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

٣٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

٣٥- سەرنجێکی سەر پێیی دیوانەکەی حاجی قادر و ڕەخنەکان، محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٢٣، ١٩٨٦، ل١٤.

٣٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

٣٧- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی مەسعوود محەمەد، بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوانی ناوچەی کوردستان، ١٩٨٦، ل٣٤.

٣٨- سەرنجێکی سەرپێیی دیوانەکەی حاجی قادر و ڕەخنەکان، گۆڤاری بەیان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦ و١٧.

٣٩- دیوانی حاجی قادری کۆیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

٤٠- سەرنجێکی سەر پێیی دیوانەکەی حاجی

قادر و ڕەخنەکان، گۆڤاری بەیان هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠.

٤١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٢٢.

٤٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٢٣.

٤٣ - فەرهەنگی مەهاباد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢، لا١٥.

٤٤- تقرير عن اعمال الهيئة الكردية في المجمع العلمي العراقي- الهيئة الكردية، اعداد عبداللطيف عبدالمجيد گلي، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق — دەستەی کورد- بەرگی حەوتەم، ١٩٨٠، لا٥١٩.

٤٥- فەرهەنگی خاڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٣١.

٤٦ - سەرنجێک لە فەرهەنگۆکی هۆنراوەی ئەحمەدی، پێداچوونەوەی عبدالرزاق بیمار، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بەرگی هەژدەهەم و نۆزدەهەم، بەغدا، ١٩٨٨، لا٧٥.

٤٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٧٦.

٤٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٠٩و١١٢.

٤٩ - کۆواری پەیام، لە پەنجاکاندا دەزگای کاروباری ڕۆشنبیری لە باڵویزخانەی ئەمریکا لەبەغدا بەکوردی دەری دەکرد بە پێشنیاری تۆفیق وەهبی، بەکر دلێر کرابوو بە لێپرسراوی کۆوارەکە. (زانای گەورە.. تۆفیق وەهبی، د. مارف خەزنەدار، گوڵە هێرۆی سەرلق سپی، گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە ٧٢، ٢٠١٣، لا٢٥).

٥٠- گوڵە هێرۆی سەرلق سپی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥.

٥١- مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، شەهیدی قەڵەم، ئامادەکردنی مەحموود نەجمەدین، کەرکووک، ٢٠١٤، لا٨٩.

٥٢- شرفنامة، الأمير شرف خان البدليسي، ترجمة محمد جميل الملا احمد الروژبياني، الطبعة الثانية، اربيل، ٢٠٠١، لا١٥ و ١٨.

٥٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٢٢٣.

٥٤- نامەیەکی دوکتۆر یووسف سدیق زەنگنە لە ٢٠٢١/٢/٨ .

٥٥ - مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، سەربەهوردی ڕۆژبەیانی بەکورتی، ئەحمەد باوەڕ، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی، ٢٠١٨، لا١١.

٥٦- گامۆڵکە: گاوڵکێ.

٥٧- گافارە: بێشک.

٥٨- مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، شەهیدی فیکری مێژوو، گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە ٤٨، ٢٠٠٨، لا٦٢.

**سەرچاوەکان:**


١- زمان و نووسینی کوردی، مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، گۆڤاری هەتاو، ژمارە ٤٤، تشرینی یەکەمی ١٩٥٥.

٢- بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردی دا، مەسعوود محەمەد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٣.

٣- داغستانی من، ڕەسووڵ حەمزەتۆڤ، عەزیز گەردی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بەکوردی، بەغدا، ١٩٧٩.

٤- تقرير عن اعمال الهيئة الكردية في المجمع العلمي العراقي- الهيئة الكردية، اعداد عبداللطيف عبدالمجيد گلي، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق — دەستەی کورد- بەرگی حەوتەم، ١٩٨٠.

٥- الهيئة الكردية في المجمع العلمي العراقي في عامها الثالث، اعداد عبداللطيف عبدالمجيد گلي، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد - بەرگی هەشتەم، ١٩٨١.

٦- گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بەئەلفوبێی عەرەبی، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد، بەرگی نۆهەم، بەغدا، ١٩٨٢.

٧- ئەنجوومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیضی بەگ، توێژینەوەی لیژنەی وێژە و کەلەپوور، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٣.

٨- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی مەسعوود محەمەد، بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و

لاوانی ناوچەی کوردستان، ١٩٨٦.
٩- سەرنجێکی سەرپێیی دیوانەکەی حاجی قادر و ڕەخنەکان، محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، گۆڤاری بەیان، ژمارە١٢٣، ١٩٨٦.
١٠- دوکتۆر مارف خەزنەدار هەگبەی کاروانی غەریبایەتی بۆ بەیان ئەکاتەوە، حەمە سەعید حەمە کەریم، گۆڤاری بەیان، ژمارە، ١٣٦، ١٩٨٧.
١١ - سەرنجێک لە فەرهەنگۆکی هۆنراوەی ئەحمەدی، پێداچوونەوەی عبدالرزاق بیمار، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بەرگی هەژدەهەم و نۆزدەهەم، بەغدا، ١٩٨٨.
١٢ - دەست بژارێک لە کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبان، مەسعوود محەمەد، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە١٣١، ١٩٩٣.
١٣- پەراوێزێ لە وتاری دەست بژارێک لە کتێبی ....، جەمیل ڕۆژبەیانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە١٣٣، ١٩٩٤.
١٤- كان للكورد ايضا حروفهم التي يكتبون بها، محمد الملا عبدالكريم، مجلة گولان العربي، العدد٤١، ١٩٩٩.
١٥ - ابن وحشية واحرف الكتابة الكوردية، جرجيس فتح الله، مجلة گولان العربي، العدد، ٤٨، ٢٠٠٠.
١٦- شرفنامة، الأمير شرف خان البدليسي، ترجمة محمد جميل الملا احمد الروژبياني، الطبعة الثانية، اربيل، ٢٠٠١.
١٧ - وڵاتەکەت باشتر بناسە، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٨ - زمانی کوردان، چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمان، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە د. حەمید عەزیز، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٩ - کورد و ڕەگەزی ئاری، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، ئامادەکردنی شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی، کەرکووک، ٢٠٠٥.
٢٠- مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، شەهیدی فیکری مێژوو، گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە ٤٨، ٢٠٠٨.
٢١- پەیدابوونی میرنشینی بابان، د. سەعدی عوسمان هەروتی، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە ١٣، ٢٠٠٩.
٢٢- لسان الكورد، مسعود محمد، بغداد، الطبعة الثانية، ٢٠١٠.
٢٣- شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام، ابن وحشية النبطي، تحقيق جمال جمعة، منشورات الجمل، بغداد، ٢٠١٠.
٢٤- فەرهەنگی مەهاباد، گیوی موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.
٢٥- زانای گەورە... تۆفیق وەهبی، د. مارف خەزنەدار، تۆفیق وەهبی، گوڵە هێرۆی سەرلق سپی، گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە ٧٢، ٢٠١٣.
٢٦- مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، شەهیدی قەڵەم، ئامادەکردنی مەحموود نەجمەدین، کەرکووک، ٢٠١٤.
٢٧- بەراوردی نێوان زمانی نووسین و شێوەزاری مزووری باڵا، پەیمان حەسەن محەمەد سەلیم، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٠، ٢٠١٤.
٢٨ - مۆرفۆسینتاکس وەک سەرچاوەیەک بۆ دارشتنی وشە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٩، ٢٠١٤.
٢٩- کتێبی (شوق المستهام)ی (ابن وحشية) و پرسی هەبوونی ئەلفوبێ و کتێبی کوردی، د. زرار سدیق تۆفیق، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٤٦، ٢٠١٧.
٣٠- دەروێشی = تەصەوف لە کوردستانا، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، ئامادەکردنی شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی، کەرکووک، ٢٠١٨.
٣١- مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، سەربەهوردی ڕۆژبەیانی بەکورتی، ئەحمەد باوەڕ، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی، ٢٠١٨.
٣٢- ئەزموونی پەروەردەیی لە پۆلەوە بۆ پۆل، فازیل شەوڕۆ، بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی ژیاری پەروەردەیی، ٢٠٢١.
٣٣- گوتاری شەوڕۆ، فازیل شەوڕۆ، ٢٠٢١.
٣٤ - نامەیەکی دوکتۆر یووسف سدیق لە ٢٠٢١/٢/٨.